


# زمان بۆ مرۆڤ ئاسۆیەکە لەنێوان ئاسمان و زەوییدا

هەندرێن

## پێشەکی

کاتێک مرۆڤ دەستدەکا بە جووڵە و بە دوای ماڵنشینێک دەگەڕێ، ئەو جووڵانەوەیە وەک مەیلێکی مرۆڤانە خۆی بەدیار دەخات. مرۆڤ بۆ ئەوەی بوونی بەرجەستە بکاتەوە، لەو مەیلەڕا هەوڵدەدا خۆی بدۆزێتەوە. ئەو ویستە بۆ دەرکەوتن خۆی لە خۆیدا، لە رووح و توانستی مرۆڤدا جێنشینە. ئەمەش مرۆڤ هاندەدا لە ژیانی خۆییدا بهزرێت. هزرینیش بزوان و رێکردنە بەرەو بوون. بوون لە رێگای ئەو جووڵانەیەوەی خودی خۆیدا، هزرینە. ئەو جوڵانەوەیە، لە سەمتە هێڵەکێیەکەیدا، دەنگ و ئاواز پەرژ دەکاتەوە. ئاکامی پەرژبوونەوەی پرۆسەی ئەو جوڵانەوەیە دەبێتە پەیڤین. پەیڤینیش گفتوگۆکردنە لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە مرۆڤی تێیدا جێنشینە. لەو دەوروبەرەشدا هەموو چەشنە شتێک هەیە و ئەو




شتانەش بۆ مرۆڤ دەروازەیەکە بۆ بانگهێشتنی مرۆڤ.

گشت ئەمانە لەناو زماندا جێنشینن و زمانیش بۆ خۆی ناولێنانی ئەو شتانەیە. بۆیە زمان مرۆڤە، مرۆڤیش زمانە چونکە ئەوە زمانە کە ژیانی مرۆڤ وێنا دەکا.

لێ لە دیدی خوێندنەوەی هایدگەرەوە ئەوە زمانە، ئەو پرسە ئاوەڵا دەکاتەوە کە چۆن ئێمە خۆمان لە زمان نزیک بکەینەوە؟ زمان چۆن بوونمان بینراو دەکا و بانگمان دەکا؟ دواجار زمان چۆن دەدوێ؟

ڕێگای بەرەو زمان"ەوە هەوڵدەدەم بۆ ئەو On the way to language لێرەوە بە خوێندنەوەی دەقێکی هایدگەر "

ئەو پرسیارانەوێڕای ڕەهەندە وتراوەکان ڕەهەندێکی تر ئاوەڵا بکەمەوە.

بۆ ئەوەی لەبەر پەرێشانی هایدگەر زمان سادە نەبێتەوە، هەوڵدەدەم لە بری درێژدادڕی لە وشە، وەک هایدگەر لە کۆتایی کتێبی "نامە لەسەر هومانیزم" دا دەڵێ: : لەو جیهانە سەختەی کە ئێستا لە گۆڕادانە ئەوەی پێویستە: کەمێک فەلسەفە، بەڵام وریایەکی زێدەتر لە هزرین؛ کەمترکردەوەی ئەدەب بەڵام زیاتر دەستپێوەگرتن لە پیتەکان بە چڕی بدوێم، دەست بە وشەوە بگرم.

## زایاڵەی بوونایەتی لە بێدەنگی _ زماندا

شیعر زمان ختۆکە دەدا و ئەو زەوییە لە ئامێز دەگرێ هەروەک خۆی لە زەویڕا هاتبێت. بەمەش شیعر زمان بە ئاوەڵایی، بیستراو و بینراو دەهێڵێتەوە. لەوێدا پەیڤە شیعرییەکان دەبنە زمان کە زمان دەتوانێ دوور لە نەوایەکانی لەبەرانبەر خۆیدا هەست بەخۆی بکا و خۆی ببیستێ. بە واتای هایدگەریانە: پەیڤ وەک کاکڵەی هەستکردن بەخۆی دەتوانێ لە نێوان زەوی و ئاسماندا یارییەکانی ئاسۆ کراوەتر بکا. ئاسۆ لە ڕێگای زمانەوە دەتوانێ ئاوەڵا بێتەوە، لەو ئاوەڵا بوونەوەیەدا شوێنێک بە مرۆڤ دەبەخشێت کە تێیدا بژی. شوێنیش کۆتایی زەوی و سەرەتای ئاسمانە، واتا ماڵی جیهانە.

بۆ ئەوەی زایاڵەی زمان وەک پەیوەندییەک لە نێوان زەوی و جیهان خۆی نیشانبدا، ئەو زایاڵەیە دەمانپێکێ هەتاکوو لەناو ئێمەدا جێنشین بێت و لە ڕاگەیاندنەکانی زمانی ڕۆژانەدا دوورمان دەخاتەوە.

کاتێک زمان بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە واتا زمان بۆ پایەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش پایەی بەناوکردن و ئاوەڵاکردنەوەی شتەکانە وەک خۆیان.

هایدگەر بە ڕێگای هەستکردنەوە بە ناخی زەویی هەوڵدەدا پانتایی سروشت: بەرد، درەخت، بۆشایی و ئەو نەوایە وێڵانەی کە پڕن لە دەنگ چڕبکاتەوە. ئەمانە هەمووی لە ڕوانگەی پرشنگی زمانی هایدگەرەوە، جۆرە خەڵوەتێکە لە سیمای ژیاندا. چونکە بەر لە هەموو شتێک شیعرییەت لە




رێگای توانستی بەناوکردنی پەیڤەوە زمان ڕووندەکاتەوە، ئەو توانستە بەسەر شاعیر و زماندا دادەبارێ و شیعراندنیش ئاستی ئەو توانستەی بەناوکردنە بەرز دەکاتەوە. بە واتایەکی تر هایدگەر بەمجۆرە ئەمە شرۆڤە دەکا: "ڕووخساری سروشتی زمان هەمیشە بۆ ئێمە، تەنانەت هەتا نزیکەی لە کۆتایی زمانیشدا بێت خۆی بە بینراوی دەنوێنێت، هەتا ئەو کاتەی کە ئێمە بە شێوەیەکی تەواو خۆمان بەو بیرکردنەوەی کە ئێمە پێشتر لەسەری ئاخاوتن دواوین و ئەوەی کە وتراوە نابەستینەوە." ( ڕێگای بەرەو زمان، لاپەڕە 121)

زمان هەڵگری مێژوو، بوونێکە لەو ڕەچەڵەکە ئاوەڵایەی کە لە دەستپێکدا شوێنەکەی بە مرۆڤ بەخشی.

لێرەدا هایدگەر دەخوازێ بێژێ کە مرۆڤ تاکە بوونەوەرێکە کە لە سنوورێکدا ئۆقرە ناگرێ. بۆیە دەبێ بە دوای شوێنە ڕاستینەکەی خۆیدا بگەڕێت.

مرۆڤ بە خۆی هەر لەو کاتەی کە دەستیکرد بە ئاخاڤتن و بەکار هێنانی زمان، ئەو شوێنە ڕاستینەی داهێناوە و لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە. واتا بە دربڕینی هایدگەر: "لێرەدا ئەو چەشنە "پەیڤاندن"ە تەنانەت بە سروشتی خۆشی، بە چەشنێکی گەوهەریی/ئێسێنسییە وەک ***ئاستانە***، لێتێگەیشتن نییە. ڕەنگە پەیڤاندن بە شێوازی جۆرج تراکل لە نێو ڕستەکانەوە بەکار هاتبێت. "سەنگی دەستپێوەگرتنی دەربڕین لەو سەرچاوە شینەدا؟ *گەوهەریی بوونایەتی زمان پەیڤاندنە/گوتنە وەک ڕووحێک لە نیشاندان*. خاسڵەتی ئەو پەیڤاندنە لە هەر هێمایەک کە دەیبینین دروست نەکراوە؛ بەڵکو بنەچەکەی هەموو هێمایەکان بە دیار خستنە جا ئەو هێمایانەش کە لە نێو هەر جۆرە وڵاتی پاشایەک و بۆ هەر مەبەستێکیش بن دەکرێ هێما بن." ("ڕێگای بەرەو زمان" لاپەڕە: 123)

شوێن لە ئاخاڤتنی مرۆڤ؛ لە زماندا هەیە. لێ زمان بەو پەیڤانەی کە دەوترێن دەنگ بڵاو دەکاتەوە. زمان ئەو وشانە دەبێژێ و بەدیاریان دەخات، بێدەنگییەکان ڕووتدەکاتەوە. وێجا بێدەنگی ڕوو دەکاتە ئاخاوتن دەبا لەگەڵ هایدگەردا کۆپلەی هەشتەم لە شیعری هۆڵدرلین بخوێنینەوە:

*"زێتر لە سپێدە و بەردەوامییەک،*
*چونکە ئێمە ئاخاڤتن بووین و گوێمان لە یەکتر دەبوو*
*مرۆڤایەتی لەوە فێر بوو؛ لێ هەر بزانە بووین بە گۆرانی."*

**("ڕێگای بەرەو زمان"، لەپەڕە:135)**

هایدگەر لەمەڕ ئەوە دەبێژێ: "زمان ڕەچەڵەکی شیعرە واتا ئەوە نەتەوەیە کە بوون دەشیعرێنێ. بە پێچەوانەش ئەوکاتەی شیعری مەزن دەستپێدەکا گەلێک بە شێوازی زمانەکەی لە مێژوودا بە دیار دەکەوێ. گریکییەکان بە هۆی

هۆمیرۆسەوە ئەو شیعریەتەیان ئەفراند و تاقیکردەوە. زمان وەک دابڕانێک لە بوون ژیانی ئەوانی، وەک وێناندنی دەستپێکێک لە بوونایەتی خەملاند و نیشاندا. "گۆرگی شتاینەر، دەروازەیەک بۆ هایدگەر"، لەپەڕە: 72)

شیعراندن ئەو شتانە بینراو دەکا کە لە زمانی ڕۆژانەدا پەنا دەدرێن، ئەو زمانەی کە خەڵک بۆ دەربڕینی خۆی وەک کەرەسیەک بەکاری دەهێنێت. وشە لە بەرهەمهێنانی شتەکاندا تواناداره، ئەو توانستەش لە زمانی کەرەسەدا نییە، بە واتای مالارمێ: ئەوە شیعراندنە کە شتەکان بە دیار دەخا، هەروەک ئەوەی بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی بگەڕێتەوە. هەروەک ئێمە بۆ یەکەمجار بێت کە ئەو شتەمان بینیبێت. ئەم گۆڕانەش بەوە بەند نییە کە شتەکان لەگەڵ وشەدا بە دیار دەکەون، بەڵکو بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە توانستی خۆی بدۆزێتەوە وێجا ڕێگا بە ئاوەڵا بوون دەدا.

ئەو چەشنە وزەیە لە خەیاڵی ناوەکی شاعیرەوە هەڵناقووڵێ بەڵکو ئەو وزەیە لەو بە دیار خستنە سەرچاوە دەگرێ، کە بەر لەوەی زمان بێدەنگ بێت، زەمینەی بۆ خۆشدەکرێ.

کەواتە مرۆڤ لە ڕێگای زمانەوە بۆ پەیڤەکان خۆی ئاوەڵا دەکاتەوە. ئەو پەیڤانەش بوونی مرۆڤن. کاتێک مرۆڤ دەستیکرد بە چێکردنی وشە و زمان هەروا لەرینەوەی بوونیش دەستییێکرد. واتا بە دەربڕینێکی دیکەی چڕتر: کاتێک زمان دەپەیڤێ ئێمەش لە هەمان کاتدا گوێمان لە دەنگی بوون دەبێ. بەمجۆرە گەوهەری مرۆڤ لە زماندا کە ماڵی خۆیەتی ئاشکرا دەبێت.

مرۆڤ بە لای هایدگەرەوە، گوێ بۆ بوونی خۆی رادەدێرێ و بەمەش لەسەر ئەو بوونە وشیار دەبێتەوە. هاوکات مرۆڤ لە ئاخاڤتندا بوونایەتییەکەی دادەمەزرێنێ و ئاوەڵا دەکاتەوە.

لێرەدا ئێمە دەتوانین بڵێین کە زمان مێژووە، هەروا بە پێچەوانەشەوە چونکە مرۆڤ لە ڕەچەڵەکی خۆیدا ئاخاڤتنە و لە ڕێگای ئاخاڤتنیشەوە خۆی بە دیار دەخا. بەمجۆرە مێژوو دەستپێدەکا هاتاکوو لەناو زمانی مرۆڤدا بژی. بە واتای هایدگەر: "چونکە ڕێگای مێژوو بەرەو زمان دیاریکراوە، ئەمەش هەر تەنیا لە دەستەواژەکانی زمان وەک خۆییدا نییە، بەڵکو زیاتر بە دەستەواژەگەلێک لە هەوڵدان دیاریدەکرێ بۆ ئەوەی پێناسەیەکی مێژوویی لە تەواوی مێژووی فراژانی هەمەکی ڕووحانییەتی مرۆڤ و هەروا تاکگەرایەتییەکەی پێ ببەخشێ." ("ڕێگای بەرەو زمان"، لاپەڕە: 118)

وێڕای ئەمەش زمان چاوی بوونە؛ واتا روناکی بوونە.

لە ڕوانگەی ڕوانینی هایدگەرەوە بۆ زمان، زمان دەبێتە ماڵێک، ئەمەش واتا بوارێکمان بۆ ئەو بوونە ڕاستینەیە ئاوەڵا دەکاتەوە. بوون ئەفراندنێکە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت مێژوو دامەزرێنێ. هەر بۆیە وشە، وەک زمانناس پێناسەی دەکا، بریتی نییە لە دەنگ و هێما، بەڵکو وشە بۆ نیشتەجێ بوونی مرۆڤ لەسەر زەویدا سەرچاوەیەکی ڕەهەندییە.

لە گۆشەنیگای بیدی خەمخۆرهانەی هایدگەریانەوە بۆ زمان، زمان دەبێتە ڕەچەڵەکی شیعراندن کە جیاوازەکانی نێوان جیهان و شتەکان ئاوەڵایی و کۆتاییەکان و هەروا لە نێوان حەشاردرا و ئاشکراکراوەکان لە خۆیدا کۆدەکاتەوە. چونکە ئەوە: "لە سروشتی زماندا بۆ ئەوەی دڵنیا بێت، کە خودی زمان لەوێدا تێگەیشتووانە ئەو دڵنیاییەی دەستەبەر کردووە، بەڵام دەستەبەر کردن لە تێگەیشتنی شتێکی ترە لەوەی کە زمان خۆی بێت." ("ڕێگای بەرەو زمان"، لەپەڕە: 119)

بەمجۆرە خودی زمان ئاوەڵایی و بەرهەڵدانە بۆ ئەوەی مرۆڤ گوێی لە بانگکردن بێت. هاوکاتیش

مرۆڤ فێر بێت چۆن لە جیهاندا جێنشین بێ. هایدگەر لە کتێبی "ڕێگای بەرەو زمان"دا دەبێژێ: "لە دواجاردا ئێمە خۆمان ئەو بوونەوەرەین کە لە بارماندا هەیە بئاخڤین. بۆیە هاوکات خاوەنەکانی دەسەڵاتی ئاخاڤتن، خاوەندارێکی دڵنیا نین." ("ڕێگای بەرەو زمان"، لاپەڕە: 113-114)

بەمجۆرە دواجار، ئەگەر ئێستا زمان بۆ بوون و مرۆڤ دامەزراندن بێ، کەواتە لە گەوهەری خۆیدا ئەوە شیعراندنە.

چونکە ئێمە حەز دەکەین لەسەر زمان وەک خۆی بپەیڤین، کەواتە هاوکات ئێمە دەبێ ئەوەمان لە یاد بێ کە مەترسییەک لەسەر ئەو ناودێرکردنەدا هەیە. ئەوە ناودێرکردنە کە شتەکان بە دیار دەخا و دەدۆزێتەوە، ئەو شتانەی کە بە جوڵانەوەیەکی دۆستانە بەرەو لای ئێمە دێن، هەتاکوو بێنە ناو بوونی جیهانەوە.

بە واتای هایدگەر، زمان جێنشینی بوونە لە جیهان و داهێنانەوەی ئەو جیهانانە بە چەشنێکی نوێ، چەشنێک کە تەواوی نێوەڕۆکەکەی بە مرۆڤ ببەخشێ.

بۆیە کاتێک زمان ئاستی باڵای توانستی خۆی دەپێکێ ئەوکات ئەو توانستە بۆ ناخی مرۆڤ دەنێرێ و تژی دەکا لە ڕوانینگەل. دوای ئەوە مرۆڤ لەو جیهانەدا، "هەبوونایەتی جیهان" خۆی دەبینێ و لێی تێدەگا.

لێرەدا، لەم شوێنەدا، پەیڤ هێمایەکی ڕووت نییە، بەڵکو ڕوانین و تێگەیشتنە، چونکە گشت تێگەیشتنێک تەرزێکە لە ڕوانین و بینایی.

لێرەدا دەبینین هایدگەر وزەی ئاوەڵایی زمان لە ناودێرکردنی مەترسی دەبینێت، کە وا لە زمان دەکا بێتە ناو "لۆگۆس/ئاوەز"ەوە.

ئەوەی کە دەئاخڤێ مرۆڤ نییە، بەڵکو ئەوە ئاخاڤتنە، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە هایدگەر نکۆڵی لەوە بکا کە ئاخاڤتن موڵکی مرۆڤە. لەمەڕ ئەوە هایدگەر دەبێژێ: "ئاخاڤتن دەئاخڤێ بۆ ئەوەی گشتایەتی خود کۆبکاتەوە، زرینگانەوەیەک بە بێدەنگی ببەخشێ."

ئێمە دەتوانین بڵێین ئەوە مرۆڤە کە کۆکردنەوەی گشتایەتی خودی دایهێناوە. دواجاریش بە دەربڕین هایدگەرییانە، مرۆڤ وەک بوونەوەرێک ئاخێوەرە، کاتێک ئاخاڤتن بێدەنگ بوو؛ واتا بوو بە شیعراندن، زمانیش بۆ ئێمە دەئاخڤێ.

1. Martin Heidegger. 1982. ”On the ,translated by Peter way to language” ژێدەر: D. Hertz,

Harper San Francisco.

2.Martun Heidegger. 1996. ”Brev om humanismen” , översättning av Daniel Brinbaum och Sven-Olov Wallenstein, Bokförlaget Thales. Stockholm.

.”Martin 1994 3. Steiner George. Heidegger -En introduktoin”. Lund: Daifalos

**تێبینی**: ئەم وتارەم لە ڕەچەڵەکدا بە زمانی سوێدی بۆ کۆرسێکی تایبەت بە بابەتی "شیعرییەتی وەرچەرخان" سەبارەت بە هایدگەر و شیعر، لە کۆلێژی سۆدەرتۆرن پێشکەشکردووە. هەڵبەتە ئەمڕۆ لەناو بڵاوکراوەکانی کوردیدا شتگەلێکی زۆر لەمەڕ هایدگەر و شیعرییەت دەبینرێن، بۆیە منیش بە ڕەوام زانی پوختییەک لەم وتارە کە سەرەنجامی دوو مانگ گوێگرتن لە وانەی مامۆستا هایدگەرناسەکان و بەشدار بوون لە سێمینارەکانە بە زمانی کوردی پێشکەش بکەمەوە.